# مەنزڵگای ڕازەکانم

*بۆ یادی 27 ساڵەی باوکم*

**بوێر جەمیل ڕەنجبەر**

**چێشتەنگاوێکی دۆزەخاوی وەکو پەرژینێک لە تاسەکانی من کڵۆمیان سەندبوو....ببو بە تەڵخ بۆ ژاکانی متمانەی ژیانم، بەڵی سەنگەساری کردبووم؛هەر ئەو بوو زاخەکانی منی کەلاڵە دەکرد بەرەو کاروانی کەژاوەی مەرگی ڕەوانەدەکردم....تەنانەت بەرێکەوتیش تروسکایی بەچاوی خۆمم نەدەدی...**
**لەشەوی خامۆش وەکو ئەنگوستەچاو منی خەواڵو لەبەر تروسکایی مۆمێکی نیمچە داگیرساو کەنزیکی کڵۆم بوون بوو، ،شنەبایەکی بەتین هەروەک بلێ کڵپەی دەسەند لەدرزێکی لێوار پەنچەرەکەمەوە پۆلووی بۆ ناخی گڕگرتووی من شاڵاوی نامەردانەی دەهێنا!!!!**
**ئائای.. تاوای لێهات ئەڕژنگەکانی لێوار ڕووبارەکان هاتبوونە جمبۆش خۆیان لەژێرخانی شەپۆلەکان چەواشە دەکرد....**
**لە خەڵوەتی لێکدانەوەیا کڕنۆشی زیندەگیم بۆت دەبرد؛؛؛فرمێسکی خوێنینم بۆت هەڵدەڕێشت؛؛ سۆمای چاوەکانم پەشێلابوو بەجارێک سەرگەردانی کردبووم!!!!تەریکی مۆرێکی چروسانی خستبۆوە نێو قوڵایی دەروونم...تۆشی گێژاوی شیرازەی ژیانی کردم...هەرلەوکاتە نامۆیەدا منی ناخ مەست سۆی زامەکانم چاوەرانی دیدارێک بوو؟؟؟؟**
**بەڵام کام دیدار!!!!**
**من لە زگماکی ژیانمەوە ووشەیەک ببوە وێردی سەرزارم فێریان کردم تێان گەیاندم بڵێم هەر دێتەوە.. ئەو هاتنەوەیا ڕەوینەوەی لەدوا نەبوو؟؟؟**
**بەڵام زوورەبای میملان و دامیاران نەیان هێشت بۆ چەند چرکەیەکیش بەژووانگەی خۆی بگات.....**
**بەڵێ منی دوور ئەندێش هەستی گرگرتووم ناچاری کردم لەگەڵ سەدای لە بیرنەچووم بەچاوێکی پڕئەسریناوییەوە فریادت بۆ بێنم هۆ شاعیرەکەم...هۆ شابازەکەم....**
**ئادەی چەند ساتێکیش بێت نووکی پێنوسەکەت بخە سەرگۆنام..ووشەی ژیانم لەڕووما نوێ بکەرەوە...**
**دەچاوو بتروکێنە تێڕوانە ئاخۆ چۆن دڵ پڕقینان زەبر بەر ئێمەی دەروون پۆڵا دەوەشێنن چڵەوکیری رازووسکالاکانمان دەکەن نایەڵن چۆش بەنێ کڵێسی دەدەن بەسنگە هەڵکێشەوە پێ لەسەر ئاواتەکانمان هەڵدەجنن دەورووبەر دەخروشێنن.........**
**ئا دەفێرە بەلەد بوونی خامەکەتم بۆ بکا!!!! تا ئەو هەستەی لەناو ئەندێشەی خەیاڵما تڵ دەخوات بۆت بدرێنم چاک دەزانی منی هاوێر لەهەست و سۆزت ستارناگرم چونکە**

ئەفسووسەکانم زۆر سەختن بەقوولآیی ناخم چۆش دەخواتەوە!!!!!!!!

جادڵنیابە هاوڕازەکەم؛؛؛؛پێشمەرگەکەم......

دەبمە دەروازەی ڕێبازوو ڕێگاکەت...پێ ی لەسەر هەڵناگرم تا کۆتایی قۆناغی بوار بڕینم....

وەک تەوارێکی بەرز فڕ بە جنگەکرێ مەنزڵ بەمەنزڵ تەکان دەدەم...

تا دووا هەناسەی دۆستی دێرینی سۆزەکانت..........